## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٥**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/١١/١٣**

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠٠٠/١١/١٣)یدا ئەنجامی داوە، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠
## یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری هەموار بکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

**ماددەی چوارەم:**

پێکهێنەکانی وەزارەتەکە ئەمانەن:

١- نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.

٣- بەڕێوەبەریی گشتیی دیوان.

٤- بەڕێوەبەریی گشتیی زەوی وزاری کشتوکاڵ.

٥- بەڕێوەبەریی گشتیی هێلکاری و بەدواداچوون.

٦- بەڕێوەبەریی گشتیی باخ وجەنگەڵ ولەوەڕگاکان.

٧- بەڕێوەبەریی گشتیی ئەبحاس ورێنمایی کشتوکاڵ کردن و توتن.

٨- بەڕێوەبەریی گشتیی ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو.

٩- بەڕێوەبەریی گشتیی سامانی ئاژەڵ وبەیتەری.

١٠- بەڕێوەبەرییە گشتییەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی شەشەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی شەشەم:**

١- وەزیر، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرک وفرمانی دیارکراو، بۆی هەیە دەستە و لیژنەی دایمی و کاتەکی (رەفتەنی) پێک بهێنێ.

٢- وەزیر، بەپێی پێویست، بۆی هەیە کردنەوەو، تێکەڵکردنی بەڕێوەبەری و بەش وهۆبەکان، ئەنجام بدات.

٣- ئەرک وفرمان و دەسەڵاتی پێکهاتەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرییە گشتییەکان و، بەڕێوەبەرییەکانی ناویان و دەستەکانیش (الهیئات) بەپێی پێڕۆ دیاری دەکرێن.

**ماددەی سێیەم:**

شیرکەتی بیری ئیرتیوازی لێ دان و مەرکەزەکانی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی و تەتبیقی یەکان، کە لە برگە نۆی ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)دا هاتووە ئیلغا دەکرێ و هەر موڵک ومالێکیشی بووبێ،

موڵک وماڵی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاوەدێربی هەرێمن.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**